*هونەرمەند زانای ئەحمەد هەژار مزیك ژەنێكی بەتوانایی هونەری موسیقای كوردییە توانیویەتی جدییانە لە بوارەكەدا خزمەتی خۆی بگەیەنێت و چەندین شاكاری جوانی مۆسیقای هونەری كوردی پێشكەش كردووە و گۆرانی تەمەنی هونەرمەند كەریم كابانیش شـــایەتحال ی ئەو راســـتییەن و وێنایەكی راســـتەقینەی هونەرمەند زانا یە لە دیدارێكی گۆڤاری گوڵا ن بەرپێزیان بەمشێوەیە هاتە ئاخاوتن .*

*دیمانە/ سۆران مارف كەریم*

## هونەرمەند زانای محمود هەژار بۆ گوڵان

# هونەر گێڕانەوەی ساتە جوان و پاكەكانی ئینسانە





*** چۆن پێناسەی خۆت دەکەیت؟**

- بێگومان خوێنەر ئاستەکانیان جیاوازە، خوێنەری وریاو بیرمەند ئەو خوێنەرەیە کەلە باکگراوندی وشەو مانشێت و پەیامەکان دەگات و بەپێی ئاستی تێگەیشتنی خۆی هەڵیان دەسەنگێنێ.

*** هەندێك باسی قەیرانی هونەری کوردی دەکەن، تۆ قەیرانی گۆرانی موزیکی کوردیدا لە چیدا دەبینیتەوە؟**

- میللەتی نەتەوەیی ئەو میللەتەن کە دەست بەهونەرەکەی خۆیانەوە دەگرن تاکو با نەیبات. هیوادارم قسەکانم لە ئاستی جوگرافیای هەرێمەکەی خۆماندا بپێکم. هونەری کوردی تۆپێکە لە مەیدانی پان و بەرینی عەولەمەدا دەخولێتەوە. خەڵکانێك بەکرێگیراوانە لە ناوەندی ماشێتی راگەیاندنی کوردیدا، لەسەر بودجەی ئەم وڵاتە دا نیشتوون لەبەر سپلێتدا زۆر نەزانانە و تێکدەرانە شەقشەقێن بە مێژوو و ئێستای هونەری نەتەوەییمانەوە دەکەن. میزاج گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە رێ بە خەڵکانێك دراوە تصدیری تێکستوو میلۆدی و کلیپی عەرەبی لە جۆرە ئاست نزمەکان بکەن بۆ کوردستان، ئەمە ژەهر و تریاکە بە هونەر و تازەگەری پێمان دەفرۆشنەوە، یان کەسانێك دەستیان داوەتە ئەوەی وردە وردە میلۆدی کوردی دەتورکێنن. لەم بێ سەروبەرەیی و هەرەمەکی و بێ سیستمیەدا ئەو هونەرە ئاست نزمانە هەڵەتۆقێنن. دەڵێم هونەر گێرانەوەی ساتە جوان و پاکەکانی ئینسانە. بۆیە زۆر جار مۆرانە داوێتی لە مێژووی میللەتان. ئێستاش ئەم مۆرانەیە لەم میللەتەی داوە. کەواتە قەیرانی گۆرانیی و مۆسیقای کوردی مۆرانەکانن کە تێکیان داوین.

*** ئایا خۆبەستنەوە بە فۆلکلۆرەوە بەسە بۆ ئەوەی هونەری کوردی بەرەو پێش بەرین؟**

- کە وتت هونەری کوردی، دەبێت مۆرك و رەنگی کوردی بەکارەکەوە دیار بێت. گەر کارەکە بە شێوازی جیهانیش کاری تیا کرابێت. کەواتە بەهونەرێك دەوترێت کوردی کە رەگەکانی لە خاکی نیشتمانەوە لە ئاوی فۆلکلۆریان خواردبێتەوە.

*** فۆرمێکی نوێ و ستایلێکی تا رادەیەك کاریگەری گۆرانی عەرەبی لە بواری هونەرری کوردیدا گەشەی کردووە، ئێوە لەو رووەوە چ قسەیەکتان هەیە؟**

- لە دنیادا ئاساییە بەهۆی کاریگەری جوگرافیی و دینیی و پێکەوە ژیانی مێژوویی نەتەوەکان حەزت بۆ دەرەوەی خۆت هەبێت. یان بەهۆی هۆکارەکانی سەرەوە هونەری نەتەوە دراوسێکان پریشکی یەکتریان بەر کەوتبێت، بەڵام بەرای من ئەوانەی بە چاویلکەی عەرەبی و تورکی فارسیەوە دەڕواننە هونەری کوردی، ئەوانە یان نەزانن یان خاك فرۆش یان میللەت فرۆشن.

*** کێ سەرەتا هاندەرتان بوو تاوەکو بەرێزتان لە خزمەتی هونەری موزیك رۆڵی خۆتان ببینن؟**

- هونەرمەندێك دوور لە خۆدەرخستن بە تواناو لێبوردەیی خۆی بە شێوازێکی کورد پەروەرانە هەموو ژیانی خۆی بەخشی بە ئێمە، ئەم زاتە هەر فێری مۆسیقای نەکردین، بەڵکو بەو سەردەمە سەختەی بەعسدا ئێمەی بەپاکیی بەرێ کرد. ئەویش هونەرمەند عوسمان محەمەدئەمین بوو.

***سەرەتا بەکام موزیکژەن سەرسام بوون؟**

- بەهونەرمەندی گەورە ئەنوەر قەرەداغی.

*** پەیمانگای هونەرە جوانەکان ئەو کاتە چ گرنگییەکی هەبوو، ئەو کاتە لە پێناو بەرەو پێشبردنی رەوشی هونەر و پێگەیاندنی هونەرمەندی موزیك ژەن؟**

- لەگەڵ ئەوەشدا کە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی تاکە قوتابخانەی هونەری بووە لە سلێمانیدا، دوای چالاکیی قوتابخانەکان. هەر لەوێشەوە دەیان هونەرمەندی زۆر باش پێگەیشتن. نموونەیان عەبدوڵڵا جەمال و بەخە سەرسپی و فەرهاد محەممەد ساڵح و نەبەز حەمە رەشید و تاد...

*** هەنگاوە جددییەکانی موزیکی کوردی بۆ بوون بە موزیکی جیهانی لە چ ئاستێکدایە؟**

- لەسەر ئاستی نەتەوەیی تیپی مۆسیقای سلێمانی و تیپی کامگارەکان دوو شێوازی جیاوازی ناوچەیەکی بەرفراوانی کوردستانن. لە ئاستی بە جیهانی بوونیشدا هەنگاوی باش نراوە، بەڵام بێ دەوڵەتی کورد ئەو توانایانەی کورد بچووکتر لە خۆی پیشان داوە.

*** تێکەڵاوییەك بە موزیکی کوردییەوە دەبینرێت، ئەنجامە خراپەکانی ئەم تیکەوڵابوونە لای تۆ چییە؟**

- بەشێکی کاریگەری بە جیهانی بوونە. ئەویش بەشێکی زۆر لە هەست پاشەکشە دەکات. واتە مەسەلە رۆحییەکانی کە بنەمان بۆ هونەر. هۆکاری دووەم فەوزای سیاسی ناو وڵاتی خۆمانە، هونەریش کەوتۆتە بەینی ئەو بەرداشەوە. لە وڵاتێکدا بەڕێوەبردن کارگوزارێکەوە بۆ سەرەوە بە ئینتیمای حزبی بڕوا بەرێوە لە وڵاتێکدا سسیستەمێك نەبێت بۆ بەڕێوەبردنی هونەر سەر بە دەسەڵاتێك نەبیت تیا چوویت.... بیگومان هونەر وای لێ بەسەر دێت.

*** دەڵێن موزیکی عەرەبی و تورکی خەریکە جێ بە موزیکی رەسەنی کوردی لە مۆسیقای کوردیدا لێژ دەکات، ئەمە تا چەند وایە؟**

- گەر هەوڵ بدەیت زۆر بیر بکەیتەوە..گوێ بگریت...بخوێنیتەوە کەمتر تێدەکەوی.

*** پێتوایە ئێمە تا چ ئاستێك خاوەنی بنەمای موسیقای کوردین؟**

- کورد خاوەنی ریتم و میلۆدی لەبن نەهاتووە، بە شێوە جوان و زانستییەکەی کاری کەمی لەسەر کراوە. بێگومانم گەر هونەرمەندی کورد لەو دیدگایەوە بڕواننە داهاتوو دەتوانن هونەری کوردی لە ئاستی ناوچەکەدا بەرنە پێشەوە..

# زۆربەی ئەو گەنجانەی تازە شیعر دەنووسن ئەوەندەی بایەخ بە قژ و ستایلی خۆیان دەدەن ئەوەندە بایەخ بە ناوەرۆکی شیعرەکانیان نادەن

***ئەحمەد محەمەد ئەو شاعیرەی توانیوویەتی خزمەتێکی زۆر بەدنیای شیعر و ئەدەبی کوردی بکات، خاوەنی زۆرترین شیعری گۆرانییەو و هەر بۆیەش زۆرترین شیعری لەلایەن هونەرمەندان کراوەتە گۆرانی، ئەو تەواو لەناو دنیای شیعردا قاڵبۆتەوە، ئەوەی ئەم لە شاعیرەکانی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە ئەحمەد محەمەد بە شاعیرێکی لێرکی ناسراوە، ناوبراو لە دیدارێکی گۆڤاری گوڵان هاتە ئاخاوتن.***

***دیمانە : سۆران مارف کەریم***

**لە ساڵی 1967 لەگەڕەکی کانیسکانی شاری سلێمانی هاتوومەتە دنیاوە، بەلام بیرەوەرییەکانی منداڵیم لەگەڕەکی تووی مەلیك بووە. ئەو سەردەمە منداڵی و گەنجێتیەی ئێمەی پێیدا تێپەڕ دەبووین، زیاتر ئەدەبی بوو تا زانستی، سیستەمی خوێندن و پەروەردەیی لەسەر بنەمای ئەدەبی بوو، لەم ساڵانەی دواییدا زانست گەشەی کرد و زیاتر زانست هاتە ناو کایەکانی ژیانەوە، ئەو زەمەنەی ئێمەی پێیدا تێپەڕ دەبووین ئەدەب دەورێکی باڵای هەبوو، منیش لە خیزانێکی مامناوەند هاتوومەتە دنیاوە، ئەو زەمەنەی بە منداڵیی دەچوومە دوکانەکەی باوکم، زۆر گوێبیستی رادیۆی کوردی کرماشان دەبووم، ئەو کاتە شوکرەڵای بابان لەو رادیۆیە شیعری دەخوێندەوە، زۆر گوێبیستی ئەو شیعرانە دەبووم و ئەمەش پەلکێشی کردم بۆ ناو دنیای شیعر و ئەدەب، هۆگری کردم بەوەی زیاتر گویێ لە شیعر بگرم.**

*** عەشق چ باکگراوندێکی هەبوو لەپشت دەرکەوتنی تۆوە؟**

- راستیەك هەیە ئەگەر بیلێین رەنگە جوانی وشەکان کەم بکاتەوە، لە وڵاتی ئێمە زۆربەی نووسەر و هونەرمەندەکانمان خۆیان سیناریۆ بۆ خۆیان دروست دەکەن بۆ ئەوەی ناسنامەیەك بدەن بە بەرهەمەکانیان، عەشقی بۆ دروست دەکەن، هەمیشە ئەوە دەڵێم ئەو عەشقە راستەقینەیە لە پشت و باکگراوندی کارەکانی مندا نەبوو، تەنها کەسێك بووم عەشقی خۆیدنەوەو ئەدەب بووم، ئەو عەشقەی لای منە عەشقی خۆشوویستنی شیعر بوو، دەموویست ئەوەی لەناخمدایە بیخەمە سەر کاغەز، هەتاوەکو (70) بەرهەمی شیعریم کرابووە گۆرانی هیچ چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیم نەکردبوو، عەشق لای من بە پلەی یەکەم نەبوو، ئەو عەشقەی کەمنیش هەمبوو خودی بەرهەمەکە خۆی بووە و خودی شیعرەکە بووە.


*** تا چەند توانیوتە ئەو ئامانجەی هەتبووە بۆ خزمەتکردنی ئەدەب لە شیعر بیهێنیتە دی؟**

- هەوڵم داوە لەو بوارەدا خزمەتی خۆم بگەیەنم، لە تەمەنی (18)ساڵیدا شیعری تەمەنم نووسی، مامۆستای گەورە کەریم کابان کاری لەسەر ئەو بەرهەمە کردوو کردییە گۆرانی، ئەگەر تەماشا بکەین لەو تەمەنەمدا ئەوەندەی کارم لەسەر بیرۆکەی شیعرێکی فەلسەفی کردووە، ئەوەندە کارم لەسەر شیعرێکی عەشق نەکردووە، راستە شیعریی تەمەن شیعرێکی لیرکی سادەیە، بەڵام هەڵگری خەسڵەتێکی فەلسەفییەو ئەو مەرحەلەیەی کەمن ئەو شیعرەم تیانووسیوە، شایەتی ئەوەیە کە کەسێکی عاشق نەبووم، ناشمەوێت بانگەشە بۆ خۆم بکەم و بە زۆر خۆم بکەم بە عاشقێکی سەرسەختی ئەم دنیایەو خۆم بە فەرهادێك بناسێنم، ئەو زەمەنە هاوڕێکانم نامەی عەشقیان دەنووسی، بەڵام من دەموت (ئەی تەمەنی پڕ ئەسرینم ئەرۆی ئاوڕ نادەیتەوە. لەگەڵ هەموو هەنگاوێکتا لە عومری من دەسڕیتەوە).

*** هەڵبژاردنی تێکستی تەمەن لەلایەن مامۆستا کەریم کابان چۆن بوو؟**

- سەرەتا ئەو شیعرەم لە یەکێك لە گۆڤارەکان بڵاو کردەوە، پاشان ئەو شیعرەم لە نامیلکەی عەشق باراندا بڵاو کردەوە ئەو کات، بە خزمەتی مامۆستا کەریم کابان نەگەیشتبووم تا قسەی لەگەڵ بکەم. خۆشبەختانە موزیك ژەن زانای مەحمود هەژار ئاوازی بۆ دانابوو تاوەکو مامۆستا کەریم کابان کاری لەسەر بکات، کاتێك بە گۆرانییەکە ئاشنا بووم، وەکو هەموو بیسەرێك گوێبیستی ئەو بەرهەمە بووم. بەڕاستی دەتوانم بڵێم هەڵبژاردنی شیعرەکە لە قودرەتی مامۆستا کەریم کابان بوو، لەگەورەیی مامۆستا کەریم کاباندایە، دەتوانم بڵێم یەکێکە لە بەرهەمە نەمرەکانی مامۆستا کەریم کابان، هەرچەندە هەموو بەرهەمەکانی مامۆستا کەریم کابان نەمرن و ئەو دەنگێکی رەسەنی کوردییە، نیشانەی دەنگێکی رەسەنی سلێمانیمان پێ دەڵێت بۆ هەر چوار پارچەکەی کوردستان.

*** زیاتر شاعیرەکانی کورد لەم زەمەنەدا کار لەسەر تێکستی سەربەست دەکەن، کارکردنی تۆ لە بواری لیرکدا بۆچی دەگەڕێتەوە و هۆکاری ئەم شێوازە کارکردنەی تۆ لە بواری**



**شیعری گۆرانی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- ویستم ستایلێك بۆخۆم بدۆزمەوە و شێوازێك بێت كە لاسایی كەس نەكەمەوە و كۆپی كەس نەبم، بە داخەوە هەندێك شیعر هەیە بەس قسە ڕێكخستنەو ناویان ناوە شیعر، ئەم لێشاوەی شیعر وایكردووە كەوا كۆمەڵێك شاعیری دروستكردووە كە هەموویان لەیەكتری دەچن، پێموایە ئەو مەجالەی من كاری تیادا دەكەم، هەستم كردووە لەم بوارەدا بۆشاییەك هەبووە و بە ئامانجی پڕكردنەوەی ئەو بوارە هەوڵم داوە، سەیرم دەكرد لەناو عەرەبەكاندا تێكستی زۆرجوان هەن كەوا بە سەدان ساڵ پێش ئێمە وتراون و شیعرەكانیان نموونەی شیعری غنائیاتن، بەهەمان شێوە بۆ فارسەكانیش. منیش هەمیشە بیرم لەوە دەكردەوە كە بۆ ئێمەی كورد بۆ بەشێوەیەكی جیا لە فۆلكلۆر و بەشێوەیەكی نوێ خزمەتی شیعری گۆرانی كوردی بكەین، هەمیشە ئەم پرسیارەم دەكرد بۆ ئێمەش شیعری جوانمان نەبێت.

*** تۆ تاچەند كەوتویتەتە ژێر كاریگەری شیعری عەرەبی و فارسیەوە؟**

- نەكووتوومەتە ژێر كارێگەری ئەدەبی ئەوانەوە، چونكە زۆر بە زمانێكی كوردی لە بەرهەمەكانمدا دەدوێم، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەدەبی ئەوان گەشەیەكی زیاتری بەمن كردووە و خوێندنەوەیەكی زیاتر و دیدێكی نوێی بە من داوە.

*** تاچەند گەشبینی بەو گەنجانەی ئەمڕۆ كە لە بواری نووسین هەوڵەكانیان چڕ كردۆتەوە، ئەوانە تاچەند ئومێد دەكەیت لە داهاتوودا ببن بە دەنگ؟**

- قسەكردن لەسەر ئەو گەنجە نوێیانە هەروا كارێكی ساناو سادە نییە. تۆ ناتوانیت بە چەند دێرێك خەڵكێك ڕەفز بكەیت و بە چەند دێرێك خەڵكێك بكەیت بە نموونە، ئەڵبەتە كەسێك و وێنەی جوانی پێیە و ڕێزمانی تەواو نییە، كەسێكی تر تەكنیكی جوانی هەیە و وێنەی جوانی نییە، كەسێك موسیقا لە شیعرەكانیدا هەیە، كەسێكی تر مۆسیقا لە شیعرەكانیدا نییە، بەداخەوە ئەو گەنجانەی ئێستا ئەوەندەی بایەخ بە وێنەكانیان دەدەن و ئەوەندە بایەخ بە قژ و ستایلی خۆیان دەدەن لە سایتەكاندا، ئەوەندە بایەخ بە ناوەرۆكی شیعرەكانیان نادەن و ناخوێننەوە، تەنیا لەرێگەی سایتەكانەوە نەبێت ڕەنگە شتێك ببینن دەنا تاقەتی خۆیندنەوەیان نییە.

*** ئەو هونەرمەندانەی كەوا كاریان لەسەر تێكستەكانی تۆ كردووە تاچەند توانیوویانە بەقەدەر هەیمەنەتی شیعرەكە ئەدای گۆرانییەكە بكەن؟**

- دەتوانم هەمیشە شانازی بەو كارە جوانە هونەرییانەوە بكەم كەوا توانراوە حەقی خۆی بدات بە شیعرەكەم، بۆ نموونە هەمیشە شانازی بەو بەرهەمەوە دەكەم كەوا مامۆستا كەریم كابان كاری لەسەر كردووە، هونەرمەندان ناسری ڕەزاری و مەرزییە فەریقی و لەیلا فەریقی و دیاری قەرەداغی و هانی و بورهان خۆشناو خالید ڕەشید و كەمال محەمەد و حەمە جەزا كە ئەمانە كۆمەڵێك هونەرمەندی باشن و هەقیان بە بەرهەمەكانم داوە، ببوورن ئەگەر ناوی هەندێك كەسم لە یاد كردبێت و هەندیكێكان خزمەتیان بە شیعری من كردووە، بەڵام هەندێ گۆرانی بێژی تر هەبوون هەم شیعرەكەیان باش ئەدا نەكردووە هەم ئاوازەكەی باش نەبووە، دواتریش بەكلیپێكی ناشرین ئەوەندەی تر شیعرەكەیان كوشتووە.

*** هونەرمەندان زۆرجار هاوكاری كراون بۆ كارە هونەرییەكانیان، لەكاتێكدا ئێوەی شاعیر كارئەكتەرێكی سەرەكی دروستبوونی هەر بەرهەمێكی هونەریـن، ئەی ئێوە لەو هاوكارییەی بۆ هونەرمەندان خەرجكراوە، بەشتان هەبووە؟**

- نەخێر هیچ بەشێكم نەبووە، بەناوی شیعرەوە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەڵام شاعیریش هەبووە بەناوی كلیپ و خوێندنەوەی شیعرەوە سێ چوار دەفتەری بۆسەرفكراوە، لەكاتێكدا كۆمەڵێك شاعیری زۆر باش هەن كە تاوەكو ئیستا یەك لاپەڕەیان نەخراوەتە بەر دەست تا شیعرێكی تێدا بنووسن، هیوادارم لە باسی پارەدا من نەبم بە موحاسبێك بۆئەوەی دەمی پارە وەگرەكان لە من نەكرێتەوە. ئەو وەڵامە لای وەزارەتی ڕۆشنبیرییە نەك من.

**برادەر بۆ**

# شیعری کلاسیکی بناغەی زاراوە کوردییەکانە بۆیە

***هونەرمەند برادەر لە ساڵی ١٩٥٨ لە ناوچەی مێردین لە خانەوادەیەکی هونەر دۆست هاتۆتە دنیا، لە ساڵی ١٩٧٦ لە شاری وان بە تۆمەتی گوتنی گۆرانی کوردی زیندانی کراوە، دوای١٢ ساڵ ناچار بوو کوردستان جێبهێڵێ و رووی لە وڵاتی هۆڵەندا کرد، جگە لە گۆرانی گوتن شـیعر دەنووسـێت و لە چەندین فیلمدا وەك ئەکتەر بەشداری کردووە لە هۆڵەندا و ئێستاش هەر لەو وڵاتە***

*** ماوەیەك بەر لە ئێستا لە شاری دهۆك بووی هۆکاری ئەو سەردانەت چی بوو؟**

- هاتنی من بۆ دهۆك بۆ سەردان و گەشت و بەشێکیشی بۆ کاری هونەری بوو، گۆرانییەکم بە ناوی ( لێ میرۆ ) کە گۆرانییەکی فۆلکلۆرە لەگەڵ تیپی دهۆك و مامۆستا جەمال تۆمار کردووە و پەنا بە خوا لە کاتێکی نزیکدا کلیپی دەکەین.

*** ئاستی هونەری لە باشووری کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

- بەداخەوە هەموو شتێك بووەتە ریکلام و پارە، هونەریش تەنیا بە پارە و ریکلام پێش ناکەوێ، ئەم هونەرە کاتییە و دوای ماوەیەك لەبیر دەکرێ.

*** لە دەنگە گەنجەکان کامیان سەرنجیان راکێشاوی؟**

- زۆرن، بەتایبەتی بڵند ئیبراهیم، کۆڤان، نازدار، چۆپی فەتاح.

*** بەڕای تۆ جیاوازییەکانی نێوان هونەری کوردی و عەرەبی و فارسی و تورك چین؟**


- ئێستا دنیا زۆر بچووك بۆتەوە و میللەتانی دراوسێ بە زۆر شێوە تێکەڵی یەکتر بوون، بەڵام دیسان هونەری هەر میللەتێك تامی رەسەنایەتی خۆی هەیە و پێویستە ئەم تاموچێژە بپارێزرێ، جیاوازی نێوان هونەر و وەك جیاوازی نێوان زمانەکان وایە، واتە زمانی کوردی چۆن جیاوازە لە زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی هونەری کوردیش بەو شێوەیە جیاوازە.

*** بەڕای تۆ کاتی ئەوە نەهاتووە کار بکەین هونەری کوردی لەو ئاستەنگانەی ئێستا هەن دەربازی بکەین؟**

- لە کوردستانی ئازاد دەرفەتی باش هەیە، پێویستە ئێمە هەوڵ بدەین ئەوەی لە دەستمان هەیە بەکار بهێنین.

*** هونەری کوردی بە گشتی ( سینەما، گۆرانی و مۆسیقا، شێوەکاری، شانۆ ) چۆن دەبینی؟**

- خۆم لەگەڵ مۆسیقا کاری شانۆ و سینەماش دەکەم، لە زۆر فیلم لەگەڵ هۆڵەندی و ئەڵمانییەکان رۆڵم بینیوە، بەڵام تا ئێستا لە هیچ پرۆژەیەکی سینەمایی کوردیدا بەشداریم نەکردووە، بەداخەوە تا ئێستا ئێمە لە بواری هونەری سینەما و دراما لاواز و کەم هەڵوێستین.



*** چۆن ئەو گۆرانییە کوردیانەی تورك و عەرەب و فارس بردوویانە و بە هی خۆیانی دەزانن بگەڕێنینەوە؟**

- خوالێخۆشبوو تەحسین تەها پێی گوتم کاتێك ئیبراهیم تاتلیساس گۆرانی (ئایاگیندا کۆندورا)ی گوت باوکم پێی گوتم ئەم گۆرانییە کوردییە، بۆیە پێویستە ئێمە تۆمار و بڵاوی بکەینەوە، منیش بە یارمەتی باوکم ئەو گۆرانییەم گوت و دووبارە هەوڵمدا بناسرێتەوە، ئەمە ئەرکێکە لەسەر هەموومان کە گۆرانییە بردراوەکانمان دووبارە نوێ بکەینەوە بە زمانی کوردی، بەڵام بە مەرجێك نابێ تەقلیدی دزەکان بکەینەوە و بەشێوەی ئەوان گۆرانییەکە بڵێینەوە، بەڵکو روحێکی کوردی رەسەنی پێبدەینەوە.

*** بەڵام ئایا ئامێرە موسیقییەکانی ئێمە و نەتەوەکانی دراوسێمان جیاوازییەکی بەرچاویان هەیە؟**

- لە ئامێرە کوردییەکان بلوێر و دەهۆڵ سەرنجراکێشن، تەنبوری کۆنیش 14 پەردەیە و دەنگەکانی کوردین، بەڵام راستییەك هەیە ئەویش ئەوەیە دەتوانین هەموو ئامێرێك بەکاربهێنین، چونکە دنیا بچووك بووە و پەیداکردنی ئامێرەکان ئاسان بووە.

*** زۆر هونەرمەند هەن شیعری کلاسیك دەکەن بە گۆرانی، ئەمە چۆن لێك دەدەیتەوە؟**

- شیعری کلاسیکی بناغەی زاراوە کوردییەکانە بۆیە پێویستە بیپارێزین و هەوڵی زۆرتریش بدەین لەم بوارە، بەڵام تەنیا قسەی گەورە و بێمانا خزمەت بە زمان و شێوەزارە کوردییەکان ناکەن و پێویستە هەر شتێك لە شوێنی خۆیدا بەکار بهێنرێت و بە جددی بیر لە پاراستنی ئەم شیعرە کلاسیکیانە بکرێتەوە.

*** ئێستا زۆر هونەرمەندی عەرەب و تورك وفارس سەردانی کوردستانی ئازاد دەکەن بۆ سازدانی کۆنسێرت، چی دەڵێی بۆ ئەم دیاردەیە؟**

- ئێمەی کورد میللەتێکی میوان پەروەرین، ئەم کارانە لەپێناو دیالۆگی نێوان نەتەوەکان کاری باشن، ئەگەر ئەوانیش رێز لە هونەر و هونەرمەندانی ئێمە بگرن، بەڵام ئەگەر تەنیا بۆ پارە بێن و بگەڕێنەوە، ئەوا پێویستە ئێمە جارێکی دیکە بیر لەم مەسەلەیە بکەینەوە بۆ ئەوەی بزانین مەبەستی سەرەکیی هاتنیان بۆ کوردستان چییە.

*** چی دەڵێی بەو هونەرمەندانەی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان بەشێوازی نوێ دەڵێنەوە؟**

- راستە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان ئەوانەی ئێستا نوێ دەکرێنەوە ناوەڕۆك و ئاوازکانیان دەگۆڕێت، دەکرێ بەشێوازێکی نوێ پێشکەش و تۆمار بکرێن، بەڵام گۆڕینی بناغەکەیان زیان بە گۆرانییە دەگەیەنێت.

*** بوونی ئافرەتی کورد لە گۆڕەپانی هونەری کوردی لەچ ئاستێکدایە؟**

- ئافرەتی کوردیش هەوڵ دەدات لە گۆرانی کوردیدا باس لە مەینەتییەکانی خۆی بکات، بۆیە پێویستە ئێمە وەك کۆمەڵگە بەشێوەیەکی پۆزەتیف پشتگیری لە ئافرەتی هونەرمەند بکەین



گوڵان:

# پێویسته بیپارێزین

**ژیان بەسەر دەبات، بۆیە ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان بە پێویســـتمان زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ساز بکەین.**

و هاریکار بین و ڕێزی زۆری لێبگرین.

*** کەسانێك هەن گۆرانی کوردی بە ستایلی پۆپ، جاز، ڕۆك دەڵێن ئایا ئەمە سوودی بۆ هونەری کوردی هەیە یان زیان؟**

- بۆ پێشـــکەوتنی مۆســـیقای کوردی نەتەوەیی هەموو جۆرە مۆسیقایەك پێویســـتە هەبێت، ئەگەر گەنجێك هەســـتا بە شـــێوازێکی جوان گۆرانییەك پێشکەش بکات، ئەوا پێویستە پیرۆزبایی لێبکەین، بە پێچەوانەوەشەوە ئەگەر بینیمان زیان بە هونەری کوردی دەگەیەنێت، پێویســـتە کارێکی وا نەکەین ســـارد بێتەوە، بەڵکو هەڵەکانی دەستنیشان بکەین و وای لێبکەین کارێکی جوانتر و ڕەسەنتر پێشکەش بکات.

*** بوونی کۆلێژی هونەرە جوانەکان چ ســـوودێکی دەبێت بۆ پێشخســـتنی هونەری کوردی؟**

-خۆزگە لە هەر شـــارێکی کوردستان کۆلێژ و ئەکادیمیای هونەری دەبوو، چونکە هونەر بۆ خۆی جیهانێکی گەورەیە و بە خوێندن و ئەکادیمی بوون زیاتر پێشدەکەوێت.

*** پێتوایە میدیای کوردی توانیویەتی ڕۆڵی خۆی بە تەواوی ببینێ بۆ پێشخستنی هونەری کوردی؟**

- بەداخـــەوە میدیای کوردی کەوتۆتە ژێر کاریگەری سیاســـەت یان ئابوورییەوە، ئێســـتا زۆر لە کچ و کوڕانی ئێمە لەبەر ئەوەی توانـــای داراییان لاوازە ئەم بارودۆخە کاریگەریی بەسەریانەوە هەیـــە و ناتوانـــن هونەری خۆیان پێش بخـــەن و پەرە بە توانـــا هونەرییەکانی خۆیان بدەن، پێویســـتە میدیای کوردی سیاسەتێکی نەتەوەیی پەیڕەو بکات لە بواری نزیکبوونەوەی هونەر و پێشخستنی.

لـــە کۆتاییـــدا هونەرمەند برادەر وتـــی: ئەمڕۆ پارچەیەکی کوردستان، بۆ پاراستنی کوردستان پێش هەموو شـــتێك پێویســـتمان بە زمان و هونەری ڕەســـەنی کـــوردی هەیە، ئەگەر هاتـــوو نەوەکانمـــان زمـــان و هونەری ڕەســـەنی خۆیان لە بیر کرد، ئازادی کوردســـتان گرنگییەکی ئەوتۆی نامینـــێ. بۆیە دەڵێم پێویســـتە هەر کوردێك خۆی بە خاوەنی زمان و کلتووری ڕەســـەنی خـــۆی بزانێـــت، چونکە برینـــی برینەدارەکانمان بە گۆرانی و مۆســـیقای کوردی ســـاڕێژ دەبێت و ڕوحی شەهیدەکانمان ئارام دەبێت.

# هونەرمەند عەدنان کەریم ڕێزی لێنراو

ڕۆژی 2/8/2010 بە چاودێری لقی 4ی پارتی دیموکراتی کوردستان سەنتەری ڕۆشنبیری هەناسە لە شاری سلێمانی مەراسیمێکی تایبەتی بۆ ڕێزلێنان لە هونەرمەندی گەورە عەدنان کەریم لە هۆڵی ڕۆشنبیری شاری سلێمانی بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر ساز کرد.

هەر لەم مەراسیمەدا مەدالیای زێڕین پێشکەش بە هونەرمەند عەدنان کەریم کرا، لەگەڵ چەندین خەڵاتی دیکەی جیا، هەر بەم بۆنەیەوە هونەرمەند عەدنان کەریم پەیڤێکی پێشکەش کرد و تێیدا دڵخۆشی خۆی بۆ ئەم ڕێزلێنانە و ئامادەبوونی ئەم جەماوەرە زۆرە دەربڕی و لە لێدوانێکی تایبەت بە گۆڤاری گوڵان وتی: ئامادەبوونی ئەم هەموو گەنج و لاوە لەم مەراسیمە بۆ من موفاجەئەیەکی زۆر گەورە بوو، ساڵانە کە دێم هەمیشە ئەم گەنجانە دەبینم و خۆشەویستی خۆیان بۆ من و هونەرەکەم دەردەبڕن، بەڵام ئەوەی ئەمجارە بینیم کە جەماوەر بەم شێوەیە خۆشەویستی خۆی دەربڕی، هەستێکی لەلای من دروستکرد کە بەڕاستی گەنجی کورد عاشقی شیعر و گۆرانی ڕەسەنە و ئەو هونەرەی من پێشکەشم کردووە گەیشتووە بە جەماوەر و جەماوەریش هونەرەکەی منیان قبوڵە.

سەبارەت بە بەرهەمی داهاتوویشی هونەرمەند عەدنان کەریم وتی: ئەم بەرهەمە پێکهاتووە لە 8 تراك و بەرهەمەکەش بە ناوی (وەفایی)ـە ئەم ناوەش دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ هەندێك هاوڕێی خۆشەویستم بەتایبەتی کاك یاسین قادر بەرزنجی هات و وتی حەز دەکەم ئەم ناوەی لێبنێن، چونکە شیعری (وەفایی)م لەم ئەلبومەدا وتووە، هەموو ئاوازەکان هی خۆمە تەنیا یەکیان هی فۆلکلۆری ناوچەی هەورامانە، مامۆستا هۆشەنگ کامکار دابەشکردنی مۆسیقای سێ گۆرانی کردووە و ئەرسەلان و ئەردەوان کامکار هەریەکەیان دابەشکردنی مۆسیقای دوو گۆرانی و کاك ئەردەشێر یەك گۆرانی دابەشکردووە، بەشێوەی ئۆرکێسترا کارەکانیان تێکەڵ بە ئامێرەکانی خۆیان کردووە، بەرهەمەکەش بە سپۆنسەری کۆمپانیای ئاسیا سێڵ و بنکەی ئارۆ ئەرکی بڵاوکردنەوەی لە ئەستۆ گرتووە.

*خوێنەرانی بەڕێز ئاگادار دەکەینەوە کە لە ژمارەکانی داهاتوودا دیمانەیەکی تایبەتی هونەرمەندی گەورە عەدنان کەریم تایبەت بە گوڵان بڵاو دەکەینەوە.

# عەشق و خەڵوەتی هەڤاڵ



دوای ئەوەی بەر لە ماوەیەك گۆرانیبێژی لاو هەڤاڵ سیدی ( گومانە جوانەکان)ی بڵاوکردەوە، ئێستا خەریکی تۆمارکردنی سروودێکی ئاینییە بەناوی (عەشق و خەڵوەت) کە لە هۆنراوەی شاعیری بە توانا سەرکەوت ڕەسول و ئاوازی زیرەك.

(عەشق و خەڵوەت)ی لە ستۆدیۆی صۆلۆ کاری دەنگی بۆ کراوە هۆگر عەزیز بە دابەشکردن شیاو کەمال بە کەمانچە و هەڵوێست وشیار بە کلارنێت بەشدارن تێیدا و چاپخانەی (پاك) سپۆنسەری ئەم بەرهەمەیە و بڕیار وایە لە داهاتوویەکی نزیکدا کاری کلیپی بۆ بکرێت.

# ئەلیشا دەچێتە قەفەسی زێڕینەوە


دوای ئەوەی لەساڵی 2008 پێوەندی خۆشەویستی لەنێوان ئەلیشا کیزی گۆرانیبێژ و سویز بیێتی دەرهێنەر دروست بوو، لەم ڕۆژانە ئاهەنگێکی قەشەنگیان ساز دا بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر ئەستێرەی جیهانی. ئاهەنگەکە لە کۆرسیکا بەڕێوەچوو، ئەلیشا جلی سپی پۆشیبوو. ئەلیشا و سویز بڕیاریان داوە مانگی هەنگوینی لە دورگەیەکی بچووك بەسەر ببەن.



# بەم زووانەش (وەفایی) پێشکەش دەکات



# عەمرو دیاب براوەی یەکەمی مارینا بوو



دوای ئەوەی زیاتــر لە 150 هەزار کەس ئامادەی کۆنسێرتەکەی بوون و نزیکەی دوو ملیۆن جونەیهی میسری وەرگرت، رۆژنامەکانی میسر بڵاویان کردەوە کــە عەمرو دیاب بــراوەی یەکەمی مارینا بوو، ئەمەش لەبەر ئــەوەی کۆی ئامادەبووانی کۆنسێرتی ســەرجەم هونەرمەندەکانی دیکە نەدەگەیشــتە 150 هەزار کەس و بە هەموویان دوو ملیۆنیان وەرنەگــرت لەنێوانیان دا تامر حوسنی و شیرین و حەماقی و ســاندی و محەمەد مونیر چەنــد هونەرمەندێکی تر. مارینا شوێنێکی گەشتیارییە لە میسر و ساڵانە لەمانگی تەمموز زۆربەی هونەرمەندان کۆنسێرتی تێدا ساز دەکەن.

# نانسی شەش گۆرانی کلیپ دەکات

بریارە لــە جەژنی رەمــەزان هونەرمەندی لوبنانی نانســی عەجرەم ئەلبوومێکی نوێ بڵاو بکاتەوە، هەر لە ئێســتاوە خۆی ئامادە دەکات بــۆ کلیپکردنی چــوار گۆرانی تاکو لەگــەڵ ئەلبوومەکەی بڵاویــان بکاتەوە لە دەرهێنانی نادین لبکی و راندا عەلەم و لەیلا کەنعان ویەحیا سعادە. ئەلبوومەکە لە چواردە گۆرانی پێکهاتووە و نانسی لەگەڵ چەندین شــاعیر و ئاوازدانــەری بەناوبانگ کاری کــردووە. دوای ماوەیەکی تــر دوو گۆرانی دیکەش کلیپ دەکات، ئێستا هەموو کارەکانی ئەلبوومەکە تەواو بووە تەنها چاوەڕوانی جەژن دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی.






www.gulan-media.com/art
بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی: بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504494920 huneri@gulan-media.com



## هونەرمەند بەیان زەریفی:

# راگەیاندن ناتوانێت راستییەکان وەک خۆی بگەیەنێت

***بەیان زەریفی لەدایکبووی شاری سلێمانییە، هەر لەسلێمانیش نیشتەجێیەو قۆناغەکانی خوێندنی لە سلێمانی تەواو کردووە بە پەیمانگای هونەرە جوانەکانیشەوە. لەساڵی ١٩٨٦ دواتر بووە بە مامۆستا بووە دواتر وەك راگەیاندنکار لە تەلەفیزیۆنەکان دواتر لە ناو باخچەی ساوایان کاری کردووە، بەڵام لە لەچەندین کورتە فیلم و دراماکانیش بەردەوام رۆڵی گێڕاوە و بەردەوامە، بۆیە ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان لە شاری سلێمانی رووبەڕووی چەند پرسیارێکمان کردەوە.***

***دیمانە/ سۆزان عەلی***

*** سەرەتا حەز دەکەین کەمێك باس لە سەرەتاکانی ژیانی هونەریت بکەی؟**

- هەموو ژیانم تەرخان کردووە بۆ دوو بوار، یەکەمیان بۆ منداڵان و دووەمیان بۆ دراما و هونەر. سەرەتای کارەکانم شانۆ بووە، بەلام دواتر لە چەند کورتە



فیلمێك بەشدار بووم دواتر لەسەر پێشنیاری حوسێن میسری لە چەندین درامای بەناوبانگدا بەشدار بووم وەك (گوڵە بەرۆژەکان، حەسەنە فەندی و نیشتمان، خانمی سپێدە، نامەکانی ئەشرەف و چەندین درامای تر، ئەم کارانە هەموویان بۆمن ئاسایی بوون، چونکە هەموو ئەو کارانەی کە رۆڵم هەبووە تێیاندا بەسەر خۆمدا هاتووە، بۆیە بۆم قورس نەبوون. بۆ نموونە رۆڵ بینین وەك خاوەن خانوویەکی خراپ ئەوە بەسەر خۆم هاتبوو لە نەوەدەکان لە خانووی بە کرێدابووم خاوەن خانووەکەم زۆر خراپ بوو لەگەڵم، هەر بۆیەش هەموو ئەو کردەوانەی ئەوم رۆڵ گێڕایەوە و پیشانی بینەرم دا کە ئەوە حاڵی زۆربەی کرێچییەکانە.

*** دەرهێنەری خوالێخۆشبوو حوسێن میسری چ کاریگەرییەکی هەبووە لەسەر دەرخستنی تواناکانت؟**

-حوسێن میسری گۆڕانی گەورەی دروست کرد لە کاری مندا، بۆ نموونە منی لە قۆناغی کاری منداڵانەوە هێنایە ناو کاری گەورەوە، ئەوەش بە ئاسانی ناکرێت و پێویستی بە خۆ ماندوو کردنە، فێری کردم چۆن مامەڵە لەگەڵ گەورە بکەم، چونکە من وەك منداڵ مامەڵەم لەگەڵ گەورە دەکرد.

*** جیاوازی چییە لەنێوان وەستان لەسەر تەختەی شانۆ و دراما لای تۆ؟**

-هەردوو بوارەکە بۆ من پیرۆزە، بەڵام هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە شانۆ راستەوخۆ بەرامبەر بینەر دەوەستی، ئەوەش هەستێکی تایبەت بە ئەکتەر دەدات، بەڵام لە درامادا بینەر لە چاوی کامێراوە دەتبینێت، ئەوەش دەبێت ئەکتەر خۆی ئەو هەستە دروست بکات بۆ بینەر. بەڵام من لە رۆڵەکانمدا زۆر راستگۆیانە بەشدار بووم، چونکە ناتوانم تەنها رۆڵ بگێڕم، زۆربەی ئەو رۆڵانەی من بینویمە بە راستەقینە لە ژیانی خۆمدا بەسەرم هاتووە، بۆ نموونە ئەگەر حیوارێك پێویست بوایە کە بگریم، راستەوخۆ دەستم دەکرد بەگریان، چونکە دەتوانم بگریم بەهۆی ئەو رووداوانەی کە لەژیانمدا روویانداوە.

*** بۆچی لە گەردەلوول بەشدار نەبویت؟**

-کاتێك کە ئەوەم بیست کاك جەلیل خەریکی کارێکی لەو شێوەیە. پێی وتم ئەوە درامای



گەردەلوول دروست دەکەم رۆڵێکی باشم بۆ داناوی ئاگادارت دەکەمەوە، دوای ماوەیەکی زۆر بینیم درامەکە پەخش دەکرێت. کە بینیمەوە پێم وت کە ئەو بەڵێنی بەمن دابوو رۆڵێکم پێبدات. وتی ببوورە لە بیرم چوویت، بەڵام ئەوە خەریکی گەردەلولی دووەمم دەورت بۆ دادەنێم، بەڵام هەرواش نەبوو. دواتر ئەوە خەریکی وێنەی بەشی سێهەمیشە تا ئێستاش وەڵامی نەداومەتەوە. تەنها ئەوەندە دەڵێم بەداخەوە.

*** لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا چەند درامایەك لە کاتی پەخش و پێش پەخش وەستا، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

-کێشەکە لە راگەیاندنەکانەوەیە تائێستاش راگەیاندنی کوردی ترسنۆکانە دراما پیشانی بینەر دەدات، ناتوانێت راستییەکان وەك خۆی بگەیەنێت. هەتا ناتوانن بێنە سەر شاشەو پێش پەخشکردن یاخود لەکاتی پەخش روونکردنەوەی لەسەر بدرێت و بڵێت دراماکە ببینن ئەوسا با رەخنە بگیرێت بزانین ناوەڕۆکی ئەم درامایە چییە؟ هۆکارێکی تریش دڵ گەرمی ئەو کەسانەیە کە تووشی ئەو رووداوانە بوون کە لەدراماکاندا دەگێڕێنەوە. خەڵکی ئێمە زۆر عاتیفین دەگەڕێنەوە ناو ئەو رووداوەی کە بەسەریاندا هاتووە، هەر بۆیە ئەوا نارەحەت دەبن.

***هۆکاری کەمبوونەوەی بینەری شانۆ چییە؟**

- هۆکارەکەی سستی نووسەرە، نووسەری چالاکمان نییە بۆ ئەوەی سیناریۆی باش دروست بکرێت، بۆ نموونە پێمخۆشە ژیانی خۆم بکەم بە سیناریۆ، بەڵام کوا سیناریۆنووسی وامان نییە ئەو کارە بکات. نووسەر خۆی ماندوو ناکات سیناریۆی باش بنووسێت، دێت دەقێکی بیانی وەردەگێڕێت و دەیکات بە شانۆگەری.

*** تەنیایی لە ژیانی تۆدا چی دەگەیەنێت؟**

- لە ژیان دا رووداوی زۆرم بەسەردا هاتووە وەك مردنی ئازیزانم، بۆیە هەست بەتەنیایی دەکەم، چونکە ئەوانە منیان بەجێهێشتووە، زۆر جار وام لێدێت حەز دەکەم بچمە لای ئەوان، چونکە ئەوەی من خۆشمبووێن لەدنیادا نەماون. هەر بۆیەش تووشی بێهیوایی بوومە لە ژیانمداو هەست بەو تەنیاییە بەردەوامە دەکەم. بەجێهێشتنی ئەو ئازیزانە کارێکی زۆر قورسە بۆ من. لەنەوەدەکان ژیانی هاوسەریم پێکهێنا، بەڵام زۆری نەخایاند و لەیەك جیابووینەوە، ئێستا بۆخۆم و خوشکێکم بەیەکەوە ژیان بەسەر دەبەین.

***پێت خۆشە لە کام شاری کوردستان ژیان بەسەر بەریت؟**

- دهۆکم زۆر پێخۆشە، چونکە شارێکی زۆر پاك و جوانە، کەرکوکیشم زۆر پێخۆشە، چونکە خوشکەکەم لەوێ دەژیا، بەڵام ئێستا لە ژیاندا نەماوە، زۆربەی ژیانی منداڵیم لەوێ بەسەر بردووە و بووە بە یادگاری لەلام.

*** ئەو گۆرانیانەی گوێیان لێدەگریت کامانەن؟**

- گۆرانیەکانی کەمال محەمەد زۆر گوێ دەدەمێ، چونکە زۆربەی ژیانی منی داگیرکردووە. کازم ساهیریش گوێ لێدەگرم، چونکە ئەمانە دەمگەڕێننەوە بۆ ساڵی هەشتاکان.

*** جگە لەهونەر پێت خۆش بوو لەچ بوارێکی تردا ئیش بکەیت؟**

- حەزدەکەم لە بواری سیاسیدا کارم بکردایە، بەڵام وەك پێوەندی سیاسی ئەوەم بکردایە واتە وەك سەفیر لەدەرەوەی کوردستان کاری سیاسیم بکردایە، چونکە ئەوە حەزی من بووە.